# خۆشەویستی بۆ رۆژی جیهانی کرێکاران

چینی کرێکاری شۆڕشگێڕی ئێران ئەمساڵ لە هەل ومەرجێکدا بەرەو پیرایی رۆژی جیهانی خۆی (یەکەمی مانگی مەی) ئەڕوات کە هێشتا چەند مانگ لە بزوتنەوەی شورشگێرانی مانگی دەی ١٣٩٦ بۆ روخاندنی ڕەژیمی دژ بە کرێکار کوماری ئیسلامی و لە نێو بردنی سیستەمی سەرمایەداری سەر بە ئمپریالیزم تێ ناپەڕێت. هەڵ سورینەرانی بناغەیی بزوتنەوەکە هێزی کارە. ئەو هێزە کە بریەتیە لە ڕیزی بەر بڵاوی چینی کرێکار هەر لە کارگری ئیش کەر، بێکار کراو، تا هێزی بەکۆمەڵی بێکار واتا گەنجەکانی بێکار کە بە بۆنەی بەرزبونەوەی قەیرانی بێ چارەسەری سیستەمی سەرمایەداری و هەر وەها داخستن و بەستنی دەیان کارخانە و بونگای بەر هەم دەر هێنان، دەسەویەخەی هەژاری وبرسیەتین. بەڵێ ئەمانەن کە جگە لە دەسدانی زنجیرەکانی پێیان نە بێت شتێکیان نیە بۆ لە دەس دان، لە ڕۆژەکانی پرشنگداری ڕاپەڕین و شۆرشی قارەمانانە مانگی دەی تا دوا هەناسە بناغەی سیستەمی ئەستەم و چەوسانەوە، دوژمنانی خۆیان هێنا لەرزینەوە. هێزی کار، لە گەڵ هاوپەیمانەکانی خۆی واتا بەشی هەژار و ماڵ وێران کە بە بۆنەی (چەوسانەوی لە ڕادەبەدەری سەرمایەداری) لە ژیانی ئاسایی بێوەر کراوون، هەر وەها بە پشتیوانی چین و توێژەکانی تری خەڵکی چەوساوەی دەستی سەرمایەداری دەستیان دایە ڕاپەڕینێکی گەشەدار و میژویی. بەرەی هیزی کار لەم ڕاپەڕینە پڕلە شانازیەی هاوپەیمانانی خوی واتە توێژ ولایە، ماڵوێران کراوە و برسیەکان (بە بۆنەی چەوسانەوەو ئەستەمی سەرمایەداران) هەر وەها توێژەکانی تری ڕەنجدەر و چەوساوە لەو ڕۆژانەدا یار و هاوسەنگەری چینی کریکار بوون. ئەم ئەستەم لێکراوانە ئەم ڕۆژانەدا کە وەک جەژنی ئەوان بوو، بە توانا و هێزی خویان

جەستەی ڕژێمی دیکتاتور و نوکەری ئیمپریالیزمی کوماری ئیسلامیان خستە هەشکەو لەرزین. هەروەها توانیان بار ودۆخی سیاسی کۆمەڵگا بە تەواوی بگۆڕن، گوڕانێک کە لە بەرژەوەندی پێش خستن و بەرزکردنەوەی جوڵانەوە و خەباتو لە ناو بردنو تێشکاندی هەمە لایەنەی سیستەمی حاکم و ڕوخاندنی بنەوای ئابوری- کومەڵایەتی دوژمن بوو. بێ گومان ئەم ڕاپەڕینیە بۆ خۆش کردنی ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانو سەرکەوتنی چینی کرێکار واتا گەیشتن بە کۆمەلگای ئیدەئال و سوسیالیستی شایانی ڕێز لێگرتن و پیروزبای ووتنە.
لەم رۆژەدا کە رۆژی جیهانی چینی کرێکار دژ بە سیستەمی چوسانەوە زاڵمانەی سەرمایەداریە و ڕوخاندنی جیهانی سەرمایەداریە، ئەگەر سرنجی هەل ومەرجی کار و باروودوخی ژیان چینی کرێکار بکەین، لە گەڵ ڕاستێکی زۆر دڵتەزین کە سیستەمی سەرمایەداری ئێران دروستی کردەوە ڕوبەڕو دەبینەوە. ئەمڕۆ، لە کومەڵگای ئێراندا نەدانی موچە و حق دەست بە تەواوی بووەتە ئەمرێکی ئاسایی، بە چەشنێک کە ئەبینین کرێکاران ١٢ مانگە موچەیان وەرنگرتوە و داواکارن، هەروەها تەنانەت کارخانەدار چەند سال مانگانەی بیمە و هیندێ مافە یاسایەکانی تریان نەداوەو ئەوانی لێبێوەر کردەوەو لە ژمارەیەکی بانکی بۆ خۆی پاشەکەوتی کردوە. سەرەڕای ئەم هەموو فشاری ترسناکی ئابوری و برسیەتی و هەژاریە کە سێبەری خستوەتە سەر ژیانی چینی کرێکار و مالوێرانیانی کردەو لە هەل و مەرجێکدا کراوە کە دیاری کردنی لایەنی کەمی موچەی سالانە - کە جاروبار بە کرێکار ئەدرێت- بە هیچ چەشنە لە گەڵ تەورم و هەروەها خەرجی ژیانی بنەماڵەی کرێکارێک بەرابەری ناکات. دژواری ئەم باروودوخە کاتێک باشتر تێدەگەین کە بزانین لە ئەسفەند مانگی رابوردودا، لایەنی کەمی موچەی کرێکار بۆ ساڵی ١٣٧٩ لە لایەن حکومەتەوە، $\frac{1}{4}$ هێڵی هەژاری دیاری کرا. واتا ئەگەر خاوەن کار موچە دوا ناخات و هەمووی بدات – کە هیچکاتێک وا نابێت – هێشتا کرێکار ئەبێ ژیانی بە

هەژاری و برسیەتی بە سەر بەرێت.
شایانی باسە کە ئەو ڕاستیانەی سەرەوە، ئەمڕۆ لە خەباتی چینی کرێکار لە ئێراندا، خەبات بۆ موچە دواکەوتوەکان لە پلەی یەکەمدایە. ئەم ئەمرە هۆی سەرکیە کە گیروگرفتەکانی‌تری بارودوخی کار و ژیان لە بەرچاو نەگیرێن و چینی کرێکار لە خەبات بو ئەوانە وەدوا کەون، ئەم مەسەلە پیشاندەری هەل ومەرجی زۆر نا لەبارێکە کە کرێکارانی لە بەرانبەر سەرمایەدارە قەراریان گرتوە. داپچڕاوی ڕیزی چینی کرێکار بە بۆنەی سەرکوت کردنیان و برگری لە خەباتیان بۆ دروست کردنی ڕێکخراوەی سەربەخۆی خۆیان لە لایەن ڕژیمی دیکتاتوری حاکمەوە – چەشنی سەرکوت کردن تا ڕادیەک بەرزە کە زۆرجار ئەبێتە هۆی زندان و ئەشکجەیان – دەسەلاتی سەرمایەدارەکان و ڕژیمەکەیان (کۆماری ئیسلامی) بو چەپاو کردن و چەوسانەوەی زیاتری کرێکاران لە هەل و مەرجی نەبونی تەنانەت یەک ڕێکخراوەی پێشەگەری کرێکاران خۆیان، هەر وەها بوونی ئەرتەشی هەرە گەورەی کار واتە لافاوی بێکار هۆی سەرکیە بۆ چەوسانەوەی بێ سنور و داسپاندنی هەر چەشنە هەل ومەرج سەخت و ژیانی زاڵمانەتر بە سەر کرێکاراندا، هەموو ئەمانە پێشاندری باردوخی دژوارو نالەباری چینی کریکاری ئێرانن.
بەڵام ئو فشارە ئابوریە کە لە سەروە ئاماژمان بۆی کرد، یەکێکە لە فشارەکانی کومەڵگایەکی ژێر دەست و دەستەڵاتی (ئیمپریالیستەکان) بو سەر کرێکارانی ئێرانی ئێمە. گەلێ فشاری‌تری سەخت و پڕوکێنەر وەک فشاری سیاسی لە لایەن ڕژیمی کۆماری ئیسلامی خزمەتکاری ئمپریالیزمەوە ئەخرێتە سەر کرێکاران. ئەوەی ڕاستیە کرێکارانی ئێران بە تایبەت خەباتگێڕو تێگەیشتوەکانیان زیاتر لە هر توێژ و چینێکی‌تر کەوتونەتە بەر هیرشی حەیوانی دەمودەزگاو وهێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی. ڕۆژێک نیە کە بە کرێگیراوانی وەزارەتی ئیتلاعات شەوانە دا نەکوتنە سەر ماڵی کرێکارانی خەباتگێر و دەست بەسەر وزندانیان نەکەن. ڕۆژێک نیە کە

کرێکـاران لەم یـان ئەو دامودەزگـا جۆراوجۆرەکـانی دەسـتورێکیان پـێ نەگـات کە خۆیان بناسێنن و بە شۆینیدا ئەگیرێن و زندانی ئەکرێن.

لە ئاوهـا بارودۆخێکـدا کە تەوقـی خنکانـدن و چەوسـانەوە زیـاتر لە هەر تـوێژ و چینێکیتـر لە ملـی کریکاراندایە، بەڵام بـزوتنەوەی دژ بە سـەرمایەداری و ڕەژیمـی سرکوتکەر و دیکتـاتۆری ئیسـلامی لە لایەن کرێکـارانەوە بەردەوام و درێژەی هەیە. بـۆ؟ لە بەر ئـوە چینـی کرێکـار ناچـارە سـەرەڕای ئەم هەمـوو گـرتن و سـرکوتەی کۆمـاری ئیسـلامی سـەگی زەنجیـری و پـارێزەری سیسـتمی سـەرمایەداری حـاکمی خزمەتکـاری ئیمپریـالیزم، خەبـاتی خـۆی دژ بە سرمایەداری و سیسـتەمی زاڵمـانەی حاکم زیادترو توندتربکات وە ئەمە تەنیـا ئـامرازێکە بۆ پاراستنی ژیـان و کەرامەتـی کارگری خۆیان کە بە کاری بێنن.

شـایانی باسـە، ڕاستە کە کرێکـارانی ئێران خەبـاتی پێشـەگەری و چینـایەتیە کە ئەیـان کێشێتە مەیدانی خەبات و تێکوشـان، بەڵام بە بۆنەی پشتیوانی حکومەتی ئیسـلامی لە سەرمایەداران کرێکاران بەرانبەر حکومەت دەبنەوە و لە بەر ئەمە ناچار ڕاستەوخۆ خەباتی خۆیان دژ بە حکومەت ڕێک ئەخەن. بەم جۆرە کریکاران سەرەڕای خەبـاتی خۆیـان بۆ وە دەس هێنـانی داوەکـاریە ئابوریەکانیـان دەس ئەدەنە خەبـاتی سیاسـی، ولە ڕاسـتیدا لەبەر ئەوەی کە زیـاتر لە لایەن هێزەچەکـدارەکانی ڕژیـمەوە ئەکەونە بەر هێرش, بەناچار خەباتی سیاسی ئەبێتە خەباتیکی ئاڵۆز و تێکۆشانێکی ئەمبارزبون دژ بە ڕژیم.

ئەگەر قـوڵ بـڕوانینە بـاردۆخی کـار و ژیـانی چینـی کرێکـاری ئێـران هەروەهـا ئەو مەرجە دیکتاتوریـانەی کە داسـەپاوە بە سـەریاندا توانـای باشتر کردنـی و ساماندان بە ژیـانی خۆیـان نیە. هەر ئەمە کرێکـارانی ئێـران ڕوبەڕوی ڕاستێکی ئاشـکار و ڕۆن ئەکاتەوە کە ڕوخاندنی کۆماری ئیسـلامی یەکەم مەرجـی ئـازاد بونیـان لەم بـاردوخەی ئیستایە. ڕاپەڕینەکەی مانگی دەی لە لایەن "هێزی بەر بڵاوی کـار" لە سەرتاسەری

وڵاتدا پیشانیدا کە کاتێک بەحەسیب نەهاتوەکان بۆ پچڕانی زەنجیرەکانی یەخسیریان ڕاپاڕن چۆن ترسنوکی و لاوازی دۆژمنەکانیان بۆە هەمووان دەر ئەکەوێتو بۆ هەموان ڕۆن ئەبێتەوە. توانایی و هێزی کرێکاران لە ڕیکخستنیاندایە. هەر لەبەر ئەمە ئەمڕۆ ئەرکێکی گەورە لە سەرشانی کرێکارانی ئاگا و تێکۆشەری ئێمەیە کە ئەبێ بە دروست کردنی ڕێکخراوەی نهێنی لەبەر بارودۆخی دیکتاتوری و دستکەوتەکانی تا ئیستا، پێویستە ڕێکخراوەکە سیاسی و چەکدارانە بێت، ڕاستەوخۆ بۆ لە نێوبردنی کۆماری ئیسلامی کە یەکەم ڕێگری کرێکارانە بۆ گەێشتن بە ئازادی تێکۆشن و بجۆڵێن.

لە ڕۆژی جیهانی کرێکار جارێکیتر بانگەوازی کرێکارانی ئاگا و تێکۆشەر ئەکەین هنگاو بنێن بۆ نابودی کۆماری ئیسلامی حاکمو سیستەمی زاڵمانە، تا چینی کرێکار بۆی هەڵسوڕێت کە لە جێگای وێرانەکانی سیستەمی زاڵمانە هەلومەرجی بڕخسێنێت کە دەرباز بون و ئازادی تەواو لە ئەستەم و چوسانەوە وەدەست بێت.

**بەردەوام بێت یەکیەتی کرێکارانی سەرتاسەری جیهان**

**بڕۆخێت ڕژیمی ئیسلامی خزمەتکاری ئیمپریالیزم**

**سەرکەوتو بێت ئینقلاب! هەر بژی کمونیزم!**

**چریکە فەدایەکانی خەڵک**

**ئوردیبهیشتی ۱۳۹۷ـ ئاوریلی ۲۰۱۸**